وزەی پاک: تەکنۆلۆژیا، عیرفان

فەلەکەدین کاکەیی

گرنگ پاراستنی ژینگەی سەر ئەرزە، کە ئەرکێکی هەنووکەیی گشت خەڵکی زیندووی ئێستایە.. هەروەها داهاتووش.

دوا بۆچوونی زاناو پسپۆڕانی ئەیکۆلوجی بەوە گەیشتووە، کە ئەگەر لەم سەردەمەدا (واتە: لە تەمەنی نەسلی ئێمەدا) چارەسەری گرفتەکانی ژینگە نەکرێت، ئیدی رەنگە ژیانی مرۆڤگەل و گیانلەبەرانی دیکە بکەوێتە بەر هەڕەشەی فەوتان.

کەواتە: مەترسییەکە جیدییە.

لە هەوڵ و کۆششدا بۆ چارەسەری ئەوەندەی لە دەستی مرۆڤدایە، چەندین رێگامان گرتووتە بەر:

یەک: پێشگیری: کە نەهێڵێن چیتر ژینگە پیس و ئاڵۆدەببێ و هەوڵبدەین شینایەتی دارستان و باغ و سەوزەڵانی و جوانی بۆ سەر ئەرز بگەڕێتەوە.

دوو: لە رێگای تەکنۆلۆژیاوە هەوڵبدەین گازە ئاڵودەزاکان، وەک دوو ئۆکسێدی کاربون و میثان و هیتر. کەمتر بە هەوادا بکرێن، بۆ ئەمەش رووومان لە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی وزەی نەوت و خەڵووز هیترە، بەڵکو هەوڵبدەین لە وزەی باو وزەی هەتاو کە وزەی (پاکی پێدەڵێن)، سوود وەربگرین، تەنانەت لە ئەوروپا باس دەکرێت لە بەکارهێنانی ئاو لە جیاتی بەنزین بۆ سەیارەو ماشینەکان.

سێ: عیرفان و وزەی رۆحی.. کە بەشێک لە دانا رۆشندڵ و رۆحانییەکان دەڵێن کە رێگەی عیرفان و رۆشنبوونەوەی ویژدان (دەروون) خەڵکی سەر ئەرز لە فەوتان رزگار ئەکات.

دەڵێن کە کەشوهەوای رۆحیی سەر ئەرز پیسبووە، ئەویش لە ئەنجامی کوشت و کوشتاری مرۆڤگەل و سەر بڕین و راوی ئاژەڵەکانەوە، هەربۆیەش دەبێ هەوڵبدەین لەو بارە گرانە سووکبکەینەوەو، چیدی کەشوهەوای رۆحی تاریکتر نەبێ.

جا چی بکرێت بۆ پاکبوونەوەی رۆح و گەیشتن بە دەرگای عەشق و عیرفان؟

دەڵێن: یەکەمین رێگە گۆشت نەخواردنە، واتە: نەکوشتنی ئاژەڵ و پەلەوەرانەو رووکردن لە گیاخۆری و کەمخەرجییە.

ئەگەر گیانلەبەر کەمتر بکوژرێت ئەوە باری ئاڵوودەبوونی رۆحی سووکتر دەبێ، جگە لەوەش گیاخۆری بۆ تەندروستی لەشی مرۆڤ سوودبەخشەو رێگەیەکە بۆ پاراستنی ژینگە.

نموونە دێتەوە کە زۆربەی رووبەری دارستانەکانی سەر ئەرز بۆ پەیداکردنی لە وەرگای ئاژەڵان لە نێو براون، دەبێ کارێک بکەین دارستان و رەزو باغ و سەوزایی بگەڕێتەوە سەر زەوی.

هەروەها لە رووی رۆح پەروەرییەوە دەڵێن کە خۆپاڵاوتن و بەخۆداچوونەوەو پاڕانەوەی راستگۆیانەو ئارەزوو دەربڕین بۆ سەلامەتی و مانەوەی گشت گیانلەبەران، رێگەی ئەزموونکراوی دیکەن لە پێناو پاکژبوونەوەی کەشوهەوای زەوی لە نیگەتیڤکاریی رۆحی بەدو ئاکامی کوشت و کوشتاری مرۆڤ و ئاژەڵ و پەلەوەرەکان.

کەواتە: پاراستنی ژینگە دوو رێگای لە پێش ماوە: یەک تەکنۆلۆژیا، دوو: عەشق و عیرفان و پاکبوونەوەی رۆحی.

لە هەردوو رێگادا کارەکە بەدەست ئادەمیزادەو، بۆ خواست و زانایی و شارەزایی ئەو دەمێنێتەوە.

جا ئەو ئینسانەی کە ئەوەندە دەربەستی ژینگەی خۆی و دەوروبەر ببێت ئاخۆ دەبێ لە چ ئاستێکی بێداری ویژدانی و هۆشیاری و هەستیاریدا بێ؟!

دەبێ چۆن ئەو جۆرە ئینسانە پەروەردە ببێت کە خۆی بە بەرپرسیاری هەموو شتێک بزانێت، بەتایبەتی لە ژینگەدا؟

ئەگەر تەکنۆلۆژیا نەتوانێ ئەو ئادەمیزادە پەروەردە بکات، ئەوە دیارە رێگەی دووەم دەمێنێتەوە کە بێداری ویژدان و خۆهوشیاری و گیانی خۆبەخشییە.

کەواتە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەبێت بەرەو دامەزرانی جیهانێکی ئەخلاقی بڕوات، تێیدا بەها جوان و بەرزەکانی تەواوی مێژووی پیادە بکرێن، گەرنا... چاوەڕوانی فەوتانی خۆی دابنیشێت!